

# ئاناکارینینا

ئازاد جندیانی

سەرەتای هەفتەی سێ یەمی حوزەیران چوومە بەغداو لەدانیشتنێکی ئاساییدا لەگەڵ هەڤاڵ مام جەلال، وەك هەر دانیشتنێکی تر لەگەڵ ئەو، باس هاتە سەر باسی کتێبو خوێندنەوە، لەم باسانەدا وتی: من تەنیا چەند ڕۆمانێکم خوێندۆتەوە، لەوانە ژانی گەلو دایکی مەکسیم گۆرکیو ئاناکارینینای تۆلستۆی، هەروا گێڕایەوە، کە بەر لە چل ساڵێك چاپێکی بازرگانی ئاناکارینینام خوێندۆتەوە کە زۆر بچکۆلە بوو، بەلاّم پێیان وتبوو، کە ئەو ڕۆمانە زۆر لەو وەرگێڕدراوە بەقەوارە ترە. مام جەلال وتی: کە لەم چەن ڕۆژەدا لەناو کتێبخانەکەی بەغدادا دووجلّدی ڕۆمانەکەم بینیو ئێستا ئەیخوێنمەوە، چونکە لەوساوە کە پێیان وتبووم، ئەو ڕۆمانە زۆر بە قەوارەترە لەوەی من خوێندبوومەوە، هەر لە زەینم دابوو کە لە دەرفەتێکدا تەواوی ڕۆمانەکە بخوێنمەوە، لە دانیشتنەکە، کە کامەران قەرەداغی تیابوو، شارەزای زمانی روسیە بەرەو ئەو پرسیارە چوو، داخۆ بۆچی ئەدەبی روسی لەسەردەمی پێش شۆڕشی ئۆکتۆبەر، واتا سەردەمی ئەدەبی کلاسیکی روسی گەورە نووسەری وەك تۆلستۆیو دیستۆیۆفسکیو پۆشکینو زۆری تری بەرهەم هێناوە، کەچی دوای ئەو قۆناخە جگە لە شۆلۆخۆفو چەند ناوێکی تری لێ بترازێ، کەسی تری ئەوتۆ هەڵنەکەوتن؟ بێگومان ئەو پرسیارە بەتەواوی قۆناخی دوای کلاسیك لەهەموو نەتەوەکان ناگرێتەوە، چونکە نەتەوەکانیتر، کە ئەدەبەکەیان قۆناخی کلاسیکی بواردووە، ناوی گەورەی لە ئەدەبدا وەبەرهێناوە، کە ڕەنگە پاشەکشەی ئەدەبی روسی لە دوای ئۆکتۆبەر بۆ هەژموونی دیدی ڕەسمی لەو بارەوە بگەڕێتەوە، کە خوێندنگای ڕیالیزمی سۆسیالیستی وەك شێوازی ئەدەبی زاڵ بە سەر ئەدەبو هونەردا سەپاند، بەهەرحاڵ لەم باسکردنەمدا مەبەستم ئەوەنیە لەسەر ئەدەبی روسی بدوێم، هێندەی مەبەستمە لەو دەرگایە پرسیاری ئەوە بوروژێنم، داخۆ ئەدەبی کوردی کە دوای قۆناخی کلاسیك لەبواری شیعردا، توانی چەند ناوێکی گەورەی وەك گۆرانو هیتر بەرهەم بێنێ، بەلاّم نەیتوانی لە بواری ڕۆماندا، جگە لە برایم ئەحمەد، ناوێکی تر بێنێتە ئاراوە؟ ئەو پرسیارە لە سی چل ساڵی ڕابردوودا، زۆر جار وروژێنراوە، بەلاّم پێم وایە هێشتا وەلاّمێکی کۆنکرێتی نەدراوەتەوەو وەلاّمەکە، هەمووی هەر ئەوە بووە، کە پەیوەندی بە کلتوری نەتەوەکانەوە هەیەو ڕەنگدانەوەی باری کۆمەلاّیەتیش بووە.

بلاّو بوونەوەی ژمارەیەکی ڕۆمانو نۆڤلێت بە تایبەت لە بیست ساڵی ڕابردوو داو تایبەتتریش، لە دەساڵی ڕابردوودا شایانی ئەوەیە کە ئەم دیاردە نوێیە پرسیاری لە بارەوە بکرێو ئەو وەلاّمە بدرێتەوە کە بۆچی ئێستا لای خۆمان زۆرترلەجاران گرنگی زۆرتر بە ڕۆمان ئەدرێ؟ ئایا کاریگەری بێگانەیە کە جارانیش ئەو کاریگەریە هەبووە، یان پەیوەندی بە باری ڕووناکبیریەوە هەیە؟ واتا ئایا ڕووناکبیری جارانی نووسەران بایی ئەوە نەبووە کە ڕۆمان بەرهەم بێنێ؟